# تا هەناسە دەشکێ، سووڕانەوە


گوڵاڵە عوسمان
(سلێمانی)




بەدەوری خۆمدا دەسووڕێمەوە ڕووناکە دنیا هەموو لە بەرچاون
ئەوەی لەبەر دڵان نییە منم هەر
خۆم نابینم دەسووڕێمەوە، ئێوەن دەمبینن! بەڵام لە چاوەکانتاندا نـیـمممم، کە.
دەسووڕێمەوە گەرەکمە بۆشاییيەکەی نێوانمان بڕووخێنم تا تێکەڵ بین!
ئەوکات، بۆشاییيەک لە ناو مندا، تۆش لە بۆشاییيەکەداییيت.
دەخولێمەوە وادەردەکەوم بێ ئامانج بم!
من بەم شەش پیتە ئەقڵم ئەشەلێت (ئـ ا م ا ن ج)
خەممە کەسێک نیگەران بێ نابێ ئەو کەسە تۆ بیت، تۆۆۆۆۆۆۆ.
دەسووڕێمەوە تا شتێک نەدۆزمەوە ناوەستم!
ئەوەی ناخۆشە هەموو شتێک دیارە، تەنانەت هەمـــــوو شت.
لەگەڕاندام و هێشتا بۆنی غەریبی مرۆڤ لەسەر زەوی جێی نەهێشتووم،
بەتەواوی خۆمم بەسەر هیچدا دابەش نەبووم
هێشتێ دڵم لە گۆرەویەکانیشت پیسە! پیس کەچی!
بەڵام! نازانم! تۆ چیت! چی؟
دێم و دەچم لە ناو سەرێکی بەتاڵدام ئەگەمە کۆتایی خۆم
ڕێک کاتی ئەوەیە بپرسم؟ من کێ بووم؟ کێ؟
ئاوڕ نادەمەوە ڕۆیشتنەکانم زۆربوون لەم نێوەندەدا خاراوم و
گریانم ئێش دەکا وێڵگەرد بووم لە هەناوی خۆمدا

نەبێ ناگیرسێمەوە.
پەنجەرەکە دەکەمەوە هەناسەیەکی قووڵ
هەڵدەمژم، پەردەوازەم!
دیارە کە پارچەکانی خۆمم ون کردووە، ئەوە
دوایین ڕایەڵەیە بە خۆمەوە هەمبێت.
ناسرەوم لەسەر جێگەکەم خەوم لێناکەوێ بیر
لەوە دەکەمەوە کە دەتوت:
تۆ ئەڤینم نادەیتێ... نـــا ئەمە هیلاککەرە، بەڵام
پێی دەحەسێمەوە.
وەستاوم نازانم ئەمە چەندەم وەستانمە،
دەرۆزەکەرێک بەخەتەکانی دەستمدا دەڕوانێ و
دەڵێت:
هیچ لە گۆڕێ نییە، دەزانم ناشزانێت درۆبکات!
ڕۆدەچم بەناخی خۆما کاتێ هەموو ونن
ئەوان کە نامخوێننەوە ئەویش کە نامدۆزێتەوە،
قاوەیەک دڵ گەرمییەکەم دەبینێ
کەچی ساردبووەتەوە... سڕ.... سارد....
ساردوسڕم لەم دێڕانەدا.
دەست هەڵدەگرم لەوەی هەموو ڕۆژێک نامەت بۆ
بنێرم و بڵێم:
سڵاو من باشم کاتێ بزانم تۆ باشی!
ئاخر هێشتا من دڵم لای پشتمە، مێشکم لای
پشتمە، بیرم لای پشتمە کە شکاندت.
بۆ دواوە دەڕۆم
بڕێ جار وادەزانم خۆم نیم کەس نییە! ڕێک ئەوە
دەمکوژێ کە نیمە!
لە هەبوونیشیدا شتێک ون دەکەم! نازانم چییە؟
وەستام و شتێک
لە ناومدا ناسووتێ پزیشکەکە دەڵێ: دوودڵی
دوودڵ!
ئیدی شەوەکانم بوون بە سەد سەعات، کەشناسی
هەرێم نووسیویەتی بەیانی بارانە
کەچی قەمیسەکەم ئوتوودەکەم، ئێستا لە
وێنەیەک دەچم سەربەرەوخوار هەڵواسرابێ
لەماڵێکی شێواودا.
وێڵگەردی ناو باخچەکەم سەرنجم بە ڕەنگەکانیدا
ڕۆچووە
بیر دەکەوە چەند ناخۆشە دڵم لەنێو سەرمابێت،
ئەمە هیچ باش نییە.
هەردەڕۆم و کەچی لە شوێنی خۆم وەستاوم
هەنگاوەکان لە قاچەکانمدا کۆ بوونەتەوە ڕێگەیەک
ڕاناکشێ
درەنگ زانیم وەستان ئازاری زۆرە، هەندێ جار بێ
ئازاری دەمشڵەژێنێ
ئەمە مەتەڵ نییە خۆۆۆۆ.
ناسرەوم
دەترسم لەم خەمسوارییە بخزێم و بەربیمەوە
شوێنێکی تر
خۆم نەبێ هەموو کەسی لێ بێ.
وامزانی چەند ساڵێکە مردووم! بەڵام ماوم لە
غەریبیتدا
ئەوەی ناخۆشە گەڕانەوە بەشی ئەم هەموو
سەفەرە ناکات، جا بۆ بیکات.
بەدەم ڕۆیشتنەوە ڕۆژە شکاوەکانم لەناو
ڕۆژژمێرەکەدا کۆدەکەمەوە دەڵێم:
نەکا تەواوبم، چونکە هەر نیگایەکت لەتێکم و هەر
ڕستەیەکت پارچەیەکم و
هەر جەنگێکت نیوەیەکم لێ دەبات، کەچی تەواو
نابم!
من زۆۆۆۆرم زۆر ئەمە پەسنی منە.
لەناو لاکێشەیەکدا لە دڵی بەڵێنێکدا لەسەر
سووچی سێگۆشەیەکدا دەسووڕێمەوە
لە ناوەڕاستی جادەکەدا، بە دەوری چاڵێکدا، لە
چەقی تەنیاییدا
لە دەوری گۆڕستانەکە، لە سەربانەکەی خۆمان
لە حەوشەی مەکتەب دەسووڕێمەوە، ئەمە بازنەی منە

نەختێک ئارامم و هیلاکی بەڵامێکیش!
ڕەنگە هەموو شتێکم تێکدابێت ڕەنگیش نییە
ناسووڕێمەوە نەکا لە دارستانی تابلۆیەکدا، یان لە
خەیاڵی سەفەرێکدا
یان هەڵهاتن لە خەونێکدا ون بم ... ون ... ئاخر
من دۆزراوە نیم هێشتا.
دەسووڕێمەوە لە چۆڵاییەکاندا قەرەباڵغییەکان
بەمقەست دەبڕم
نیگەکانت فڕێ دەدەم با کەنەفت بێ ژیان
ڕێگەکان نۆۆۆۆۆرن ڕۆیشتن کەمە... من
ناسووڕێمەوە تا تەنیاییم بچێتەوە شوێنی خۆی!
دەبێت ببین بە یەک لە یەکێکماندا، ئێمە خۆ لە
یەکێکماندا دووانین.. دووان.
دەسووڕێمەوە سەرم لە وەستان دەرناچێ لە
سووڕانەوەشدا بە هیچ نەگەیشتم
ئەوەی جێم دێڵێ خۆمم ئەوەشی نامێنێتەوە تۆ
نیت!
ئێستا لە تۆدا وەستاوم لە خۆمدا ڕادەکەم
لە هاوڕێکەمدا پاڵ کەوتووم و لە چاوەکانی تردا
بە پێوەم و بەرەو ئەوان دەڕۆم
هەموو داخراون دەگەڕێمەوە، بەڵام ڕێگەم نییە
دەمەوێ بوەستم جێگەم نییە!
وەک پەیکەرێکم لێ هاتووە، نە وەستان فێری
هیچم دەکا و
نە ڕۆشتنیشم بیردەچێتەوە، دەبێ من چ جۆرێک
بم وا نازانم.